# لێدان لە بوداپێست[1]


نۆڤیۆلێت بولاوایۆ

**و. دڵشاد هیوا**




٢٨ی تەمووزی ٢٠٢٤ چیرۆک

بەرەو بوداپێست بەڕێگەوەین: باستارد و چیپۆ و گۆدنۆز و سبهۆ و ستینا و من. وا خەریکین دەڕۆین لەگەڵ ئەوەی تەنانەت ڕێگەشمان پێ نادرێت ڕێگەی مزیلیکازی تێپەڕێنین، سەرباری ئەوەی کە وا بڕیار بووە باستارد ئاگای لە خوشکە بچووکەکەی، فراکشن، بێت، لەگەڵ ئەوەی دایکم ئەگەر پێ بزانێت بێکەسکوژم دەکات، کەچی ئێمە وا دەڕۆین. بوداپێست پڕە لە گواڤا[2] کە

---

[1] نۆڤیۆلێت بولاوایۆ (NoViolet Bulawayo) نوسەرێکی خەڵکی زیمبابۆیە، لە ساڵی 1981 لەدایک بووە. ئەم چیرۆکەی بە ناوی *Hitting Budapest*، لە ژمارەی نۆڤەمبەر و دیسەمبەری 2010، لە گۆڤاری Boston Reviewدا بڵاو کراوەتەوە. لە ١١ی تەموزی ٢٠١١دا "خەڵاتی کەینی بۆ نووسینی ئەفریقی" بەدەست هێناوە. خەڵاتی کەین، کە بە "بۆکەری ئەفریقی" ناسراوە، ساڵانە بە کورتەچیرۆکی نوسەرێکی ئەفریقی دەبەخشرێت کە بە زمانی ئینگلیزی نوسرابێت. پاش وەرگێڕانی چیرۆکەکە و خوێندنەوەی چەند ڕەخنە و بۆچوونێک لەبارەیەوە، تێگەیشتم کە دەقەکە بە سێ ئێدیتی جیاواز لە شوێن و وڵاتی جیاواز بڵاو کراوەتەوە و هەریەکەیان جیاوازییەکی کەم تا زۆری لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە.

[2] گواڤا (Guava)، درەختێکی هەمیشەسەوزی ناوچە گەرمەکانە، میوەیەکی خۆشی هەیە.

ماڵی دزینه. هەر لە ئێستاوە لاکەی دڵم دێ بۆ گواڤا یان هەر خۆراکێکی تر. ڕێک دەڵێی کەسێک خاکەنازێکی بە دەستەوە گرتووە و هەرچی لە ورگمدا بووە فڕێی داوەتە دەرەوە.

هاتنەدەرەوە لە پارادایز[3] هێندەش قورس نییە، چونکە دایکان هەر بە قسە و قژیانەوە سەرقاڵن. وەختێک دوور دەکەوینەوە، تەماشایەکمان دەکەن و دیسانەوە وازمان لێ دێنن. پێویست ناکات خەمی پیاوەکانی ژێر درەختەکانی جاکاراندا[4]مان هەبێت، چونکە ئەوان چاویان لەسەر دامەکردنەکەیان هەڵناگرن. تەنیا منداڵە بچوکەکان دەمانبینن و دەیانەوێت شوێنمان بکەون. بەڵام باستارد مشتەکۆڵەیەک لە سەری زلی ئەو منداڵە ڕووتە دەدات کە لە پێشیانەوەیە و هەموویان هەر لەوێدا دەگەڕێنەوە.

بە هەڵەداوان دەگەینە دەوەنجارەکە. باستارد لە پێش هەمووانەوە ڕادەکات، چونکە ئەمڕۆ لە پێشبڕکێی گوندەکەدا براوە بووە و پێی وایە کە سەرۆکە، لە دوایەوە من و گۆدنۆز و ستینا و ئینجا چیپۆ، کە پێشتر لە پارادایز پێشی هەمووانی دەدایەوە، بەڵام ئیتر نا، چونکە لەلایەن باپیرەیەوە سکی پڕ کراوە. دوای ئەوەی لە مزیلیکازی تێدەپەڕین، بەرەو دەوەنجارێکی تر سەرەوخوار دەبینەوە. درێژاییی ڕێگەی هۆپ ستریت دەگرین و لە یاریگا گەورەکەش بە خۆی و کورسییە بریقەدارەکانیەوە کە هەرگیز لەسەریان دانانیشن، تێدەپەڕین. هەرچۆنێک بێ دەگەینە بوداپێست. دەبێت جارێ بوەستین تا چیپۆ پشوویەک بدات.

باستارد دەڵێت: "دەی کەی ئەم منداڵەت دەبێت؟" باستارد پێ خۆش نییە بەهۆی چیپۆوە بوەستین. تەنانەت هەوڵی دا وامان لێ بکات کە بە هیچ شێوەیەک یاری لەگەڵدا نەکەین.

"ڕۆژێک دەمبێت."

"کام ڕۆژ؟ سبەی؟ پێنجشەمە؟ هەفتەی داهاتوو؟"

"نابینیت سکی هێشتاکە بچووکە؟ دەی کۆرپەکە دەبێت گەشە بکات."

"منداڵ لە دەرەوە گەشە دەکات، هەربۆیەشە دێنە دنیاوە تا گەشە بکەن."

"سەیرکە، هێشتا کاتی نەهاتووە، بۆیە لە سکما ماوەتەوە."

"کوڕە یا کچە؟"

---

[3] وەک گاڵتەکردنێک بە شوێنی نیشتەجێبوونیان، نوسەر ناوی "Paradise"ی هەڵبژاردووە.

[4] درەختی نورا یا (Jacaranda)، درەختێکی جوان و بەرزی ناوچە گەرمەکانە، گوڵێکی وەنەوشەیی ئاماڵشینی هەیە و لە زیمبابۆی زۆرە.

"کوڕە. یەکەم منداڵ چاوەڕێ دەکرێت کوڕ بێت."

"دەی خۆ تۆ کچیت و منداڵی یەکەمیشیت."

"وتم *چاوەڕێ دەکرێت*".

"تۆ جارێ دەمت داخە، ئەمە خۆ سکی تۆ نییە."

"من پێموایە کچە چونکە لەقە ناوەشێنێت."

"کوڕان دەست و پا دەوەشێنن و سەرەکوتێ دەکەن."

"حەزت لە کوڕە؟"

"نەخێر. بەڵێ، ڕەنگە. نازانم."

"باشە منداڵ ڕێک لە کوێوە دێتە دەرەوە؟"

"یانی لە هەمان ڕێگەوە دەچێتە ناو سکەوە؟"

"باشە بەڕاستی چۆن دەچێتە ناو سکەوە؟"

"سەرەتا دەبێ خودا لەوێدا داینێ."

"نا، خودا نا. موسای ئامۆزام پێی وتم دەبێت پیاوێک لەوێدا داینێ، مەگەر چیپۆ ئەوەی تۆیش باپیرەت نەیخستووەتە ئەوێوە؟

سەری ڕادەوەشێنێت.

"دەی ئەگەر پیاوێک بیخاتە ئەوێوە، بۆچی دەریشی ناهێنێت؟"

"چونکە ئەوە ژنانن کە منداڵیان دەبێت، سەرزل. هەر لەبەرئەوەشە کە مەمکیان هەیە تا شیر بدەن."

"بەڵام مەمکەکانی چیپۆ بچکۆلەن، وەکوو بەردن."

"وەختێ منداڵەکەی بێت، گەشە دەکەن. چیپۆ وا نییە؟ "

"من نامەوێ مەمکەکانم گەورە بن. من منداڵم ناوێت، من هیچم ناوێت، تەنیا گواڤام دەوێت."

چیپۆ ئەمە دەڵێت و پێی لێ هەڵدەگرێ. ئێمەش لە دوایەوە ڕادەکەین و ڕێک ئەو وەختەی دەگەینە ناوەڕاستی بوداپێست[5]، دەوستین. بوداپێست وەک وڵاتێکی جیاواز وایە، وڵاتێک، کەسانێکی تێدا دەژین کە لە ئێمە ناچن.

[5] بوداپێست ناوی شارۆچکەیەک، گەڕەکێک یان گوندێکی ئەوروپاییە کە خەڵکانی دەوڵەمەندی لێ دەژین و تەنیا ناوەکەی وەک شاری بوداپێستی پایتەختی هەنگاریایە.

بەڵام نەک وڵاتێکی ئاسایی ـــ وەک ئەوە وایە ڕۆژێک لە خەو هەڵسابن، دەروازە و دەرگە و پەنجەرەکانیان کلۆم دابێ، پاســـپۆرتەکانیان هەڵگرتبێ و بەرەو وڵاتانی باشـتر ڕۆیشـتبن. تەنانەت هەواش چۆڵە؛ نە شـتێکی سـووتاوی تێدایە، نە بۆنی خواردنی لێنراو یان شـــتێکی ڕزیوی لێ دێت؛ تەنیا هەوایەکی سادە بێ ئەوەی شتێکی هەڵگرتبێت.

بوداپێست گەورەیە، ماڵی گەورە بە حەوشـەی بەردەڕێژکراو و پلەکانەی بەرز و باخچە و گوڵ و درەختی سەوزی پڕ لە میوە کە چاوەڕێی ئێمە دەکەن. لەم دەوروبەرە هەردەڵێی کەس نـازانێـت میوە بە کەڵکی چی دێـت. ئەوە میوەکانن کە ورەمان پێ دەدەن، ئەگینا نەماندەوێرا لێرە بین. هێشـــتاکەش من چاوەڕێی ئەوەم کە شەقامەکە تفێک بکات و بڵێت بگەڕێنەوە بۆ کۆڵێتەکانتان.

ئێمە پێشـــتر لە درەختەکەی ماڵەمامی چیپۆ دەماندزی، کە ناکرێ بەوە بڵێی دزی. ئێســـتاش کە هەموو گواڤاکانی درەختەکانیمان بنبڕ کردووە، دەبێ ســـەر بکەین بە ماڵە بێگانەکاندا. لە زۆر کەســـمان دزیوە، کە تەنانەت ناتوانم بشـیانژمێرم. گۆدنۆز بوو پێی وتین شـــەقامێک هەڵبژێرین و تێیدا بمێنینەوە و سـەر بە هەموو ماڵەکانیدا بکەین. پاشـان دەڕۆینە شـەقامی دواتر. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا ئەو شـوێنانەی کە ڕۆیشـتووین تێکەڵ نەکەین لەگەڵ ئەو شـوێنانەدا وا بڕیارە بۆی بڕۆین. ئەمەش هەر لە نەخشـــەیەک دەچێت و گۆدنۆز دەڵێت بەم شێوەیە دەتوانین دزێکی باشتر بین.

ئەمڕۆ دەســـت بە شـــەقامێکی نوێ دەکەین، هەر بۆیەش بە وردییەوە ئـاگـامـان لە چواردەورمـانە. لە شـــەقـامی (SADC)یەوە تێدەپەڕین، واتە ئەو شـــوێنەی کە بەر لە دوو هەفتە هەموو دارگواڤـاکـانیمـان ڕووت کردەوە. پەردەگەلێکی ســـپی دەبینین و ڕوخســـارێکیش لە پەنجەرەی مـاڵەکەوە دەردەکەوێـت. مـاڵێکی کرێمیڕەنـگ بە پەیکەری کوڕێژگەیەکی بـاڵـدارەوە لە وەختی میزکردنـدا. دەوەســـتین و لێی دەڕوانین، تەمـاشـــا دەکەین بزانین ڕوخسـارەکە چی دەکات، دوای ئەوە پەنجەرەکە دەکاتەوە و بە دەنگە کزەکەی هاوار دەکات تا بوەستین. هەر لەوێدا ڕادەوەستین، نەک لەبەر ئەوەی دەنگەکە داوامـان لێ دەکـات کە بمێنینەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هێشـــتـا هیچ کـاممـان دەستمان بە ڕاکردن نەکردووە و وا دیارە دەنگەکەش مەترسیدار نییە. مۆسیقا لە پەنجەرەکەوە بەرەو شـــەقامەکە ســـەراولێژ دەبێت؛ ئەمە کوایتۆ نییە، هۆڵی سەماکردن نییە، هیچ شتێک لەوانە نییە کە ئێمە دەیانزانین.

ژنێکی بەژنزراڤ دەرگەکە دەکاتەوە و لە ماڵەوە دێتە دەرەوە. شـــتێک دەخوات و بەدەم هاتنیشـــییەوە بۆ لامان، دەســـتی ڕادەوەشـێنێت. ئێســـتا کە

دەبینین هێنـدە بـاریکەڵەیە تەنـانەت بیر لە ڕاکردنیش نـاکەینەوە. چـاوەڕێی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین بەچی و بۆچی پێدەکەنێت. لە ڕاستیدا هیچکەسێک لە پارادایزدا بەدەممانەوە پێ ناکەنێت. جگە لە دایە ئێسقان[6] کە بەدەم هەمووانەوە دەخەنێتەوە. ژنەکە لەودیو دەرگەی حەوشـــەکەوە دەوەســـتێت. کڵۆم دراوە و کلیلەکانی بۆ کردنەوەی نەهێناوە.

"یا مەســـــیح، خۆ من بەرگەی ئەم گڕەوگەرمایە ناگرم. ئێوە چۆنچۆنی دەرەقەتی دێن؟" ژنەکە بە دەنگێکی نەترســـێنەوە ئەمە دەپرســـێت. گازێک لەو شتە دەگرێت کە بە دەستیەوەیەتی و پێدەکەنێت. کامێرایەکی پەمەیی جوان بە ملیەوە هەڵواسـراوە. هەمووومان سـەرنج لە پێیەکانی دەدەین کە لە ژێر تەنورە درێژەکەیەوە دەرکەوتوون، پـاک و خـاوێنن، ڕێـک وەکوو پێیەکـانی منداڵێـک. پەنجەکـانی پێی دەجووڵێنێـت. بیرم نـایەت هیچ وەختێ پێیەکـانم بەم جۆرە بووبن، مەگەر ئەو وەختەی کە منداڵ بووم.

پاشــــان ســـــەیری دەمی ســـــوری ژنەکە دەکەم کە خەریکی جوینە. لە دەمارەکەی لاملی و شـــێوازی ملّچەی لێوە گەورەکانیەوە، دەتوانم هەســـت بە خۆشـیی ئەو شـتە بکەم وا دەیخوات. لە نزیکەوە تەماشـای دەسـتە درێژەکانی دەکەم، تەماشای شتێک کە خەریکە دەیخوات. تەختە و ڕووی دەرەوەی وشکە. ســــەرەوەی کریمی و نەرم دیارە و شـــتگەلێکی هاوشـــێوەی پارەی ئاســـنی لەســـــەرە، پەمەیی تۆخ وەک ڕەنگی ســـووتاوی. هەروەها ناوکەی ســـوور و سەوز و زەردە و ئینجاکە هەڵتۆقینی ڕەنگڤاوەیی وەک زیپکەی لەسەر دەبینم.

چیپۆ دەپرسـێت: "ئەوە چییە؟" بە دەسـتێکی ئاماژە دەکات و دەسـتەکەی تریشـی بە سـکیدا دەهێنێت. چیپۆ لەوەتەی دووگیان بووە، حەزی لێیە لە کاتی قسەکردندا یاری بە سکی بکات. سکی بەقەدەر فوتبۆڵێکە، هێندەش گەورە نییە. هەمووومان سەیری دەمی ژنەکە دەکەین و چاوەڕێین بزانین ئەو چی دەڵێت.

ژنە دەڵێت: "ئۆی، ئەمە؟ ئەمە کامێرایە"، کە بێگومان خۆشـمان دەمانزانی. دەســـــتی بە تەنورەکەیدا دەهێنێت و لە کامێراکەی دەدات. ئینجا نیشـــــانە لە زبڵدانی تەنیشـــت دەرگەکە دەگرێتەوە و پاشـــماوەی ئەو شـــتەی کە دەیخوات، ڕووەو ئەوێ فڕێ دەدات. بەڵام نـاپێکێ. پێـدەکەنێـت، بەڵام من شـــــتێکی پێکەنیناوی تێدا نابینم. ژنەکە تەماشـــــای ئێمە دەکات. ڕەنگە بیەوێت ئێمەش لەگەڵیدا پێبکەنین، کەچی ئێمە سـەرگەرمی سـەیرکردنی شتەکەین و بەر لەوەی بەربینەوە زەوی، وەکو باڵندەیەکی مردوو بە ئاســــماندا دەفڕین. ئێمە هەرگیز نەمانبینیوە کەسێک خواردن فڕێ بدات. لەلاوە تەماشایەکی چیپۆ دەکەم.

---

[6] کارەکتەرێکی نادیاری ناو چیرۆکەکەیە بە ناوی (Mother of Bones).

ژنه لە چیپۆ دەپرسێت: "تەمەنت چەندە؟" و وەها سەیری سکی دەکات وەک ئەوەی تائێستا دووگیانێکی نەبینیبێت. بەڵام چیپۆ هەر گوێشی لێ ناگرێت، خەریکە سەیری ئەو شتە دەکات کە لەسەر زەوییەکە فڕێ دراوە.

گۆدنۆز لە جیاتی چیپۆ وەڵام دەداتەوە: "دە ساڵانە. ئێمە نۆ ساڵەین. من و ئەو، وەک دووانەکان". مەبەستی من و خۆیەتی. "باستارد یانزە ساڵانە، سبهۆ هەشت ساڵان و بۆ ستیناش نازانین."

ژنەکە مژولی کامێراکەی دەبێت و دەڵێت: "ئۆی!"

گۆدنۆز دەپرسێت: "تۆ تەمەنت چەندە؟ ئەی خەڵکی کوێی؟" خەریکم بیر لەوە دەکەمەوە کە گۆدنۆز چەندە هەڵەوەڕە.

"من؟ من سی و سێ ساڵەم و خەڵکی لەندەنم. ئەمە یەکەمجارە سەردانی وڵاتی باوکم دەکەم".

گۆدنۆز دەڵێت: "من جارێکیان شیرینییەکی لەندەنیم خواردووە. پوورە پۆلایتم، یەکەم جار کە چووبووە لەندەن ناردبووی، بەڵام ئەمە هی وەختایەکی زۆر پێشترە، ئێستا ئیدی تەنانەت نامەش نانووسێت". دەمی لە جووڵەی ژنەکە لە جوین دەوەستێت، منیش لەگەڵیدا قووتی دەدەم.

گۆدنۆز دەڵێ: "بەلای منەوە هەردەڵێی پانزە ساڵانی، ڕێک وەک منداڵێک". چاوەڕێم ژنەکە لەبەر ئەم قسەیە یەکێ بە دەمە زلەکەی گۆدنۆزدا بماڵێ، بەڵام ژنەکە تەنیا پێدەکەنێت، وەک ئەوەی گوێی لە شتێکی مایەشانازی بووبێت.

دەڵێت: "سوپاس". سەیرێکی ژنەکە دەکەم وەک ئەوەی ئاخر بڵێ چ شتێک هەیە شایانی سوپاسکردن بێت؟ پاشان سەیری ئەوانی تریش دەکەم و تێدەگەم کە ئەوانیش هەروەک من بیر دەکەنەوە کە ئەو ژنێکی سەیرە. ژنە دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت، دەڵێی ئاڵۆزکاو و چڵکنن. ئەگەر من لە بوداپێست بژیامایە، هەموو ڕۆژێک هەموو لاشەم پاکوتەمیز دەشۆرد و پرچیشم بە جوانی شانە دەکرد، بۆ ئەوەی نیشانی بدەم مرۆڤێکی ڕاستەقینەم و لە شوێنێکی ڕاستەقینەدا دەژیم.

"منداڵینە کێشە نییە وێنەتان بگرم؟"

ئێمە وەڵام نادەینەوە، چونکە وا ڕانەهاتووین گەورەکان داوای مۆڵەتمان لێ بکەن. هەر سەیری ژنە دەکەین کە چەند هەنگاوێک دەچێتە دواوە، سەرنج لە پرچە تێکئاڵاوەکەی و تەنورەکەی دەدەین کە لە کاتی ڕۆشتندا زەوی ڕادەماڵێ، سەیری خشڵە گەورەکانی و چاوە قاوەییەکانی دەکەین، سەیری پێستە قاوەییە سافەکەی دەکەین کە تەنانەت جێبرینێکی پێوە نییە تا نیشانی

بدات ئەو مرۆڤێکی زیندووە، ســــەیری ئەڵقەکەی بەرلوتی و تیشــــێرتەکەی دەکەین کە لەسەری نووسراوە "دارفۆر ڕزگار کەن".

ژنەکە بە تاسەوە دەڵێت: "دەی وەرن، بڵێن پەنیر، بڵێن پەنیر، پەنیــــــر"، هەموو دەڵێن: "پەنیر". من خۆم نایڵێم، چونکە هەوڵ دەدەم بیری خۆم بێنمەوە کە پەنیر مانای چییە و بیرم نایەتەوە. دوێنێ دایە ئێســقان چیرۆکێکی لەبارەی *دۆدۆ*[7]وە بۆ باس کردین؛ بالندەیەک کە گۆرانییەکی نوێ فێر دەبێت و هەر دەیڵێتەوە، لەکاتێکدا مانای ئەو وشـــانە نازانێ کە دەیانڵێت. بۆیە ڕاوی دەکەن، دەیکوژن و بۆ ژەمی ئێوارە لێی دەنێن، چونکە لە ڕاســتیدا بە ئاوازەکەی تکای لە خەڵک دەکرد و دەپاڕایەوە کە بیکوژن و لێی نێن.

ژنە ئاماژەیەک بۆ من دەکات، سەری دەلەقێنێت و بە من دەڵێت "پەنیــــر" و منیش دەیڵێم، چونکە ژنەکە زەردەخەنەیەکی وەهام بۆ دەکات وەک ئەوەی باش بمناســــێت. ســــەرەتا بە هێمنی دەیڵێم، دواتر دەڵێم "پەنیر"، "پەنیر" و ئێستاکەش دەڵێم "پەنیر، پەنیــــــــر" و هەمووان دەڵێن: "پەنیر، پەنیر، پەنیر" و هەموومان خەریکین وشــــەیەک دەڵێینەوە و کامێراکەش چرکە دەکات و چرکە دەکات و چرکە دەکات. پاشـان سـتینا کە هەرگیز قســە ناکات، دەکەوێتە ڕێ و دەڕوات. ژنەکە واز لە وێنەگرتن دەهێنێت و دەڵێت: "تۆ باشــیت؟" بەڵام ســتینا ناوەستێت. پاشان چیپۆ بەدەم سکهەڵکڕاندنیەوە شوێنی دەکەوێ. ئینجا ئێمەش شوێنیان دەکەوین.

ژنەکە لە وەختێکدا بەجێ دەهێڵین کە وا وەســــتاوە و خەریکە وێنەمان دەگرێت. باستارد لەسـەر گۆشـەی شـەقامی (SADC)دا دەوەستێت و دەست بە جوێندان بە ژنەکە دەکات و من ئەو شتەم بیر دەکەوێتەوە کە ئەو فڕێی دا، بێ ئەوەی تەنانەت لێمان بپرســێت ئایا ئێمە دەمانەوێت یان نا. منیش دەســـت بە هاوارکردن دەکەم. ئەوانی تریش دەدەنە پاڵی. هاوار دەکەین و هاوار دەکەین و هاوار دەکەین. ئێمە دەمانەوێت هەمان ئەو شــتە بخۆین کە ئەو خەریک بوو دەیخوارد، دەمانەوێت لە بوداپێســــتدا بقیڕێنین، دەمانەوێت برســــێتی ملی بشـکێنێت. ژنەکە تەنیا تەماشــا دەکات، گێژ و بەپەلەپڕوزێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە و ئێمە هێشــــتا هەر هاواری لێ دەکەین. ئێمە دەقیڕێنین و قوڕگمان دەخورێ، ژنە کە دەرگەکە دادەخات و ون دەبێت، ئێمەش دەوەســــتین و بە هێواشــــی بەشوێن پەیداکردنی گواڤادا دوور دەکەوینەوە.

باستارد دەڵێت کە گەورە بووین ئیتر گواڤا نادزین، دەکەوینە دوای شتە گەورەترەکانی ناو ماڵەکان. تا ئەوکاتە دێت من هەر لێرەش نابم، لە ئەمریکا

---

[7] Dudu ; Dodo.

لەگەڵ پووره فوستالینادا دەژیم و کاری باشتر دەکەم. بەڵام ئێستا تاکە شتێک کە هەیە ئەم گواڤایانەیە. بڕیار دەدەین بڕۆینە شـەقامی (IMF)، بۆ ماڵێکی سـپی و زۆر گەورە کە وەک شاخێک وایە. لە بەردەمیدا ئەستێرکێک هەیە و کورسیی بەتاڵ چواردەوری گرتووە.

باشـــی ئەم خانووە جوانە ئەوەیە کە شـــاخەکەی زۆر دوور کەوتووەتە پشـــت حەوشـــەکەوە و ڕێک دەســـتمان بە گواڤاکانمان دەگات، وەک بڵێی بیســـتبێتیان ئێمە دێین و بە ڕاکردن هاتوونەتە پێشـــوازیمان. زۆر ناخایەنێت بەســـەر پەرژینی باخچەکەدا هەڵدەزنێین و لەســـەر درەختەکانەوە کیســـە نایلۆنەکانمان پڕ لە شـــاگواڤا دەکەین. ئەمانە گەورەن، بەقەدەر مشـــتی پیاوێک دەبن و لە کاتی پێگەیشتندا وەک گواڤای ئاسایی زەرد هەڵناگەڕێن. دەرەوەیان بە ســـەوزی دەمێنێتەوە و ناوەوەیان پەمەیی و کوڵکنە. تام و چێژیان هێندە خۆشە کە تەنانەت ناتوانم باسیان بکەم.

*** *** ***

لە گەڕانەوەماندا بۆ پارادایز ڕا ناکەین. بە هێواشـــی دەڕۆین، وەک ئەوە وایە بوداپێســـت ئێســـتا وڵاتی ئێمە بێت. بە درێژاییی ڕێگەکە گواڤا دەخۆین و ناوکەکانی تف دەکەینەوە تا هەموو شـــوێنێک پیس ببێت. لە ســـیلەی شـــەقامی (AU) چاوەڕێ دەکەین تا چیپۆ برشـێتەوە. ئەمڕۆ ڕشـانەوەکەی لە میز دەچێت، بەڵام تێرتر. بێ ئەوەی داپۆشین هەروا لێی دەگەڕێین.

"ئاخرییەکەی ڕۆژێک هەر لێرە دەژیم، لە ماڵێکدا ڕێک وەکو ئەوە". سبهۆ قەپ لە گواڤایەکی گەورە دەگرێت و ئەمە دەڵێت. ســـەیری لای چەپ دەکات و ماڵێکی گەورەی شـــینمان پیشـــان دەدات کە ڕیزە پلیکانەیەکی درێژی هەیە و چواردەورەکەی پڕ لە گوڵە. تۆنی دەنگی بەجۆرێکە وەک ئەوە وایە بزانێـت باسی چی دەکات.

لێی دەپرسم: "چۆنچۆنی دەتەوێت ئەم کارە بکەیت؟"

سبهۆ توێکڵەکان تف دەکاتەوە سەر شەقامەکە و دەڵێت: "دەزانم ئیتر".

"مەگەر لە خەودا ئەم کارە بکات". باســـتارد ڕووەو ڕۆژ ئەمە دەڵێت و گواڤـایەک دەگرێتە دیواری مـاڵەکەی ســـبهۆ. گواڤـاکە دەتەقێت و دیوارەکە پەمەیی دەکـات. من قەپ لە گواڤـایەکی شـــیرین دەگرم. حەزم لە جوین و وردکردنی نـاوکەکـانی گواڤـا نییە، چونکە ڕەقن و کـاتێکی زۆری بۆ جوین دەوێت، بۆیە بە کاوەخۆ لە دەممدا دەیانهاڕم و هەندێک جاریش هەرچەندە دەزانم لەدواییدا چی ڕوو دەدات، بەڵام هەموویان بە جارێ قووت دەدەم.

"بۆ وات کرد؟" سبهۆ سەیری دیواری ماڵەکەی دەکات کە ئێستاکە پیس بووە و دواتر لە باستارد دەڕوانێت. باستارد پێدەکەنێت و گواڤایەکی دیکەی تێ دەگرێت. لە دیوارەکە نادات و بەر دەرگەی چوونەژوورەوە دەکەوێت. دەرگەکە وەکو دەرگەیەکی ڕاستەقینە تەقەی نایەت.

"چونکە دەتوانم. چونکە هەرچیم بوێت دەتوانم بیکەم، ئینجا، ئەوە کەی کیشەیە؟"

"نەخێر، چونکە گوێت لێ بوو کە وتم من حەزم لەم ماڵەیە، بۆیە نەدەبوایە وات بکردایە، ئەگینا بۆ نەتدا لە ماڵێکی تر کە بەلای منەوە گرنگ نییە؟"

"دەی باشە، خۆ هەر لەو گۆڕەی ماڵەکە نابێتە هی تۆ، دەبێ؟" باستارد پانتۆڵێکی وەرزشیی ڕەشی لەبەردایە کە هەرگیز دایناکەنێت و تیشێرتێکی پرتەقاڵیی کاڵبووەوەی پۆشیوە کە لەسەری نووسراوە "کۆرنێل". باستارد تیشێرتە کۆرنێلەکەی دادەکەنێت و لە سەریەوە دەپێچێت و من نازانم ئەمە جوان یا ناشیرینی دەکات، وادەکات شێوەی لە پیاوان بچێت یا ژنان؟ دەگەڕێتەوە و پشتاوپشت هەنگاو دەنێت تا بتوانێت ڕووی لە سبهۆ بێت. باستارد حەزی لێیە ڕاست سەیری دەموچاوی ئەو کەسە بکات کە شەڕی لەگەڵ دەکات. ئەو، جگە لە ستینا هەموومانی بۆڕ داوە.

"سەرەڕای ئەوە خۆ بوداپێست ئاودەست نییە کە هەر کەسێک ویستی ملی تێ نێ. تۆ قەت ناتوانی لێرە بژیت".

سبهۆ دەڵێت: "من دەمەوێت شەو بە پیاوێکی بوداپێستی بکەم تا لە پارادایز، لە کۆڵێتەکان، لە هێڤنوەی[8] و فامبێکی[9] و هەموو شتێکی تر ڕزگارم بکات".

گۆدنۆز بەسەر شانوملیدا هاوار دەکات: "هاها. وادەزانی بەم ددانە کەوتووانەتەوە هیچ پیاوێک تۆ دەهێنێت؟ تەنانەت منیش ئامادە نیم بتخوازم". ئەو و چیپۆ و ستینا لە پێشمانەوە دەڕۆن. من سەیری شۆرتەکەی گۆدنۆز دەکەم کە لە پشتەوە دڕاوە و گوڵمەی سمتە ڕەشەکانی دەبینم لە دوو چاوی سەیروسەمەرە دەچن کە لەودیوی پارچەیەکی سپیی چڵکنەوە سەیری دەرەوە دەکەن.

---

[8] Heavenway

[9] Fambeki

ســبهۆ بەســەر گۆدنۆزدا دەگوڕێنێ: "کەس لەگەڵ تۆی نەبوو ســەرزل! ئینجا خۆ ددانەکانم دیســانەوە دەردێنەوە، دایکم دەڵێت من تەنانەت لەمەش جوانتر دەردەچم!"

گۆدنۆز دەســتی بە ئاماژەی "دەی هەرچی!" ڕادەوەشــێنێ و تێدەپەڕێت، چونکە ئیتر هیچی بۆ وتن بەو نییە. هەموو دەزانن کە ســبهۆ جوانترە. جوانتر لە هەموو ئەوانەی کە لێرەین، جوانتر لە هەموو منداڵەکانی پاراداێز. هەندێک جار کە ناخۆش قســە دەکات ئەگەر واز لەو شــێوە قســەکردنەی نەهێنێت، جوانییەکەی نادیدە دەگرین و ئیتر یاری لەگەڵدا ناکەین.

باســتارد دەڵێت: "بەلای منەوە گرنگ نییە. من بۆ خۆم ئەم مەملەکەتە بەجێ دێڵم. دنیایەک پارە کۆ دەکەمەوە و دێمەوە خانوویەک لەم بوداپێســتە یا لۆس ئەنجلۆس یان تەنانەت پاریس دەکڕم".

"کاتێک دەچووینە قوتابخانە، مامۆســتاکەم، بەڕێز گۆنۆ دەیگوت بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەیت دەبێ بخوێنێت. ئەمە ئەو شتەیە کە مامۆستاکەی خۆم دەیگوت". چیپۆ سـکی هەڵدەکڕێنێت ناوی مامۆسـتا گۆنۆ وەها بە شـانازییەوە دەڵێت وەک ئەوەی باوکی بێت، وەک ئەوەی شـتێکی تایبەت بێت، وەک ئەوەی هەمان ئەو کەسە بێت لە سکیدایەتی.

پاشـــان هەر خۆی بەردەوام دەبێت: " کاتێک ناچیتە قوتابخانە چۆن بتوانین ئەم کارە بکەین؟"

"من بۆ پارەپەیداکردن پێویســتم بە قوتابخانە نییە. ئەمەت لە چ کتێبێکی پیرۆزدا خوێندووەتەوە، ها؟"

باستارد بەسەر چیپۆدا دەقیڕێنێ و دەموچاوی وەها لە دەموچاوی نزیک دەکاتەوە وەک ئەوەی بیەوێت قەپ لە لوتی بگرێت. چیپۆ دەســت بە ســکیدا دەهێنێت و پاشــماوەی گواڤاکانی بەکاوەخۆ دەخوات و خێرا لێمان دوور دەکەوێتەوە.

من دەڵێم: "من دەڕۆمە ئەمریکا تا لەگەڵ پوورە فاســتالینامدا بژیم. هەر بەم زووانەیش، دەیبینن". دەنگم بەجۆرێـک بەرز دەکەمەوە تـا هەمووان بیبیســتن. گواڤایەکی تازە بە دەســتمەوە دەگرم و دەســت بە خواردنی دەکەم. ئەوەندە شــیرینە کە بە ســێ قەپ تەواوی دەکەم. تەنانەت تاقەتی جوینی ناوکەکانیشیم نییە.

باســتارد بە بێتاقەتییەوە دەڵێت: "ئەمریکا زۆر دوورە، من حەزم لێ نییە بچمە شــوێنێک کە ناچار بم ســواری فڕۆکە ببم. ئەگەر لەوێ گیرت خوارد و

نەتتوانی بگەڕێیتەوە ئەوسا چی؟ من دەچمە ئەفریقای باشور یان بۆتسوانا. بەم شێوەیە ئەگەر بارودۆخەکە خراپ بوو، زۆر بە ئاسانی، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسدا بکەم بەری جادە دەگرم. مرۆڤ دەبێ بەئاسانی لەو جێگەیەوە بگەڕێتەوە کە بۆی دەڕوات".

سەیری باستارد دەکەم و بیر لەوە دەکەمەوە چی پێ بڵێم. ناوکە گواڤایەک بە نێوانی پوکم و دواڕیزی ددانەکانمەوە لکاوە و بە زمانم هەوڵی لابردنی دەدەم. کەچی ئاخرییەکەی پەنجەمی بۆ بەکار دەهێنم. تامی زەردەکێمی گوێ دەدات.

چیپۆ کە لەگەڵ باستارد هاوڕایە، دەڵێت: "ئەمریکا زۆر دوورە". دەستلەژێرسک، ماوەیەک دەوستێت تا ئێمەش پێی بگەینەوە. "ئەگەر ئەو کاتەی کە لەناویدان شتێک لە فڕۆکەکەتاندا قەوما چی؟ ئەی چی لە تیرۆریستەکان دەکەیت؟"

بەڕای من ئەم چیپۆ دەموچاو تەختی سکفتبۆڵە هەموو ئەمانە تەنیا بۆ دڵخۆشکردنی ئەو باستاردە سەروسەکوت ناشیرینە دەکات چونکە تازە هاواری بەسەریدا کردووە. من بە چاو هەموو شتێکی پێ دەڵێم، بەڵام دەمم هەر لە جوین ناکەوێت.

دەڵێم "بە من چی، من دەڕۆم" و ئیتر بەخێرایی دەڕۆم تا بە گۆدنۆز و ستینا بگەمەوە، چونکە باش دەزانم ئەگەر باستارد و چیپۆ لە دژم یەک بگرن، چیم بەسەر دێت.

"باشە، بڕۆ بۆ ئەو ئەمریکایە و لە خانەی بەساڵاچوواندا هەر خەریکی گوپاککردنەوە بە. تۆ پێتوایە ئێمە لەم حەکایەتانەمان نەبیستووە؟" باستارد لە پشتمەوە هاوار دەکات، بەڵام من درێژە بە ڕۆشتنەکەم دەدەم.

بیر لەوە دەکەمەوە هەر لێرەدا بگەڕێمەوە و تێروپڕ بەهۆی ئەو شتانەوە کە بە ئەمریکای منی وتووە، باستارد بکوتم. شەپازلەیەک بسرەوێنمە بناگوێی، بە کەللە بکێشم بە ناوچەوانە گەورەکەیدا و ئینجا کوڵەمشتم وەها بکوتمە دەموفلّقی کە دەمودانی بتفێنێتەوە. وەها بکوتمە بنسکی تا هەر گواڤایەکی خواردووە هەڵی بێنێتەوە، ئینجا بیدەم بە ئەرزدا، ئەژنۆم بخەمە بان پشتی و دەستەکانی لە پشتەوە با دەم، پشتەسەری بگرم و ڕایکێشم تا تکا بۆ مانەوەی لە ژیاندا بکات. بەڵام بێدەنگم لێ کرد و ڕۆشتم. من دەزانم ئەو تەنیا ئیرەیی دەبات، چونکە هیچ کەسێکی لە ئەمریکا نییە. چونکە پوورە فاستالینا پووری ئەو نییە، چونکە ئەو باستاردی بیژییە و منیش دارلینگی ئازیز.

*** *** ***

که دەگەڕێینەوە پـاراداین، گواڤـاکـان ئیـدی تەواو بوون. ئەوەنـدەمـان ترنجاندوەتە سکمان ئیتر وا بە سنگەخشکێ خۆمان بەکێش دەکەین. شەو تەنیا ئـاو دەخۆینەوە، گوێ لە حەکـایەتەکانی دایە ئێســــقان دەگرین و دەخەوین. لەسەر ڕێ ڕادەوەستین و لە بنەدەوەنەکاندا خۆمان بەتاڵ دەکەینەوە. باشترین وەخت بۆ ئەمە پێش دنیاتاریکداهاتنە، ئەگینا هیچ کەسـێک لەگەڵماندا نایەت، بۆ ئەوەی بنەدەوەنێک بدۆزیتەوە، دەبێت بەناو گۆڕسـتانەکەدا تێپەڕیت و لەوانەیە تووشی خێوێک ببیت.

هەمووومان شــــوێنی خۆمان پەیدا دەکەین و من لە پشــــت گابەردێکەوە چیچکە دەکەم. ئەمە خراپترین بەشـــــی گواڤـاکانە. وەختێک زۆرت خواردبێ ناوکەکانی توشـی تەنگەبەریت دەکەن. لە کاتی فڕێدانیدا زۆر ئێشـی دێت، ڕێک وەکو ئەوەیە هەوڵ بـدەیـت ولاتێکـت ببێـت. خولەکەکـان و خولەکەکـان و خولەکەکان تێدەپەڕن و هیچ کەسـێک هاوار ناکات "من تەواو بووم، دەی خێرا کەن".

هەمووومان هەریەکە و لە پەنایەکدا چیچکەمان کردووە، خەریکم بەڕانمدا دەکێشــم تا خۆپێچدانەکەم نەمێنێ کە لەناکاو گوێمان لە قیژەیەک دەبێت. بەڵام لەو جۆرە قیژانە نە کە بەهۆی زۆرلەخۆکردنی تونـدەوە نـاوکە گواڤـایەک ڕیخۆڵەت دەبڕێـت. دەنگەکە دەڵێـت: "وەرن تەمــاشــــــا کەن". بۆیە واز لە زۆرلەخۆکردن دەهێنم، دەرپێکەم هەڵدەکێشــمەوە و گابەردەکەم بەجێ دەهێڵم. گۆدنۆزە کە هەروا بە چیچکـانەوە خەریکە دەقیژێنێ و ئـامـاژە بۆ درەختە چڕەکانی بەرامبەری دەکات و ئێمەش دەیبینین؛ شــــتێکی درێژ کە بە دارێکەوە هەڵواسراوە.

یەکێـک، نـازانم کێیە، لە ژێر لێوەوە دەڵێـت: "ئەوە چییە؟" کەس وەڵام ناداتەوە، چونکە ئێســــتا هەمووومان دەتوانین ببینین کە چییە. ژنێکە بە پەتێکی ســــەوز هەڵواســــراوە. تیرۆژ، بەنێو گەڵاکاندا دەپرژێتەوە و ڕەنگێکی نامۆ بە هەموو شــتێک دەبەخشــێت و وا دەکات پێســـتە زەلالەکەی ژنە وەک ئەوەی پەنگری داخ و سور لە ناوەوەیدا بێ، بدرەوشێتەوە.

قۆڵە باریکەکانی ژنەکە بە هەردوولایدا شــۆڕ بووەتەوە و و دەســـت و لاقەکانی ڕووەو زەوی داکەوتوون. وەک کەســــێک ڕایکێشـــابێتە ئەوێ، مینا ڕاستەهێڵێک بە هەواوە ئاوێزانە. ترسناکترین بەش، چاوەکانیەتی، کە بە سپیدا هەڵگەڕاون و دەمیشــــی تەواو کراوەتەوە. ژنەکە، جلێکی زەردی لەبەردایە و گیاکانیش لە بنی پێڵاوەکانی دەسوون.

ســـتینا دەڵێت: "وەرن با ڕاکەین". ئەمانە یەکەم ئەو وشـــانەن کە ســـتینا دوای پێشـــبڕکێی گوندەکە لە دەمی دەرهاتوون. کاتێک ســـتینا قســـە دەکات، تێدەگەی ئەمە شتێکی گرنگە، بۆیە خۆم بۆ ڕاکردن ئامادە دەکەم.

"ترســـنۆک، نایبینی خۆی هەڵواســـیوە و مردووە؟" باســـتارد بەردێک هەڵدەگرێت و تێی دەگرێت. بەر ڕانی ژنەکە دەکەوێت. من چاوەڕێی ئەوەم شتێک بقەومێت، بەڵام هیچ ڕوو نادات. ژنە هەروا بێجووڵە ماوەتەوە.

باسـتارد دەڵێت: "دەبینی، پێم وتیت کە مردووە". باسـتارد وەختێ بیەوێ بیرمان بخاتەوە کە کێ سەرۆکە، بەو دەنگە قسە دەکات.

گۆدنۆز دەڵێت: "خودا لەسەر ئەم کردەوەیەت سزات دەدات".

باســـتارد بەردێکی تری تێ دەگرێت. بە دەنگێکی تەپ بەر لاقی ژنەکە دەکەوێت. ژنە هەروا بێجوڵەیە. من هەترەکم چووە؛ وەک ئەوەیە بە گۆشـــەی چاوە ســـپی و دادڕاوەکانیەوە ســـەیرم بکات. ســـەیر دەکات و چاوەڕێیە لێم تا کارێک بکەم کە نازانم چییە.

باســـتارد دەڵێت: "خودا لێرە ناژی، گەمژە". بەردێکی تر دەهاوێژێت کە تەنیا لە جلە زەردەکەی ژنە دەخشێت و من دڵخۆشم کە بەری نەکەوتووە.

ســـبهۆ وەک ئەوەی بیەوێت بگری، دەڵێت: "من دەڕۆم و بە دایکم دەڵێم". سـتیناش دەکەوێتە ڕێ. من و سـبهۆ و گۆدنۆزیش شـوێنی دەکەوین. باسـتارد کەمێک لە هەمان شـــوێندا دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک لا دەکەمەوە، دەیبینم وا ئەویش لە دوامـانەوە دێت. من دەزانم ئەو نـاتوانێت بە تەنیـا لەگەڵ ئەو ژنە مردووەدا لەنـاو دەوەنجـاڕەکەدا بمێنێتەوە، تەنـانەت ئەگەر بیەوێ خۆی وەک ســـەرۆکی پارادایزیش نیشـــان بدات. جارێکی تر هەمووومان پێکەوە دەســـت بە ڕۆشتن دەکەینەوە، بەڵام دیسانەوە باستارد خۆی دەهاوێتەوە بەردەممان.

دەڵێت: "بوەســـتن، کێ نانی دەوێت؟" تیشـــێرتە کۆرنێڵەکەی بەســـەریەوە توند دەبەسـتێت. تەماشـای برینەکەی سـەر سـنگی باسـتارد، ڕێک لای چەپی سنگییەوە دەکەم، وەک ناوەوەی گواڤا، پەمەییە.

دەڵێم: "کوا نان؟"

دەڵێ: "گوێ بگرە، ســـەرنجت دا کە پێڵاوەکانی ژنەکە چەند نوێ دیارن؟ ئەگەر بتوانین دایانکەنین، دەتوانین بیانفرۆشـــین و نانێک یا تەنانەت ڕەنگە نان و نیوێکیشی پێ بکڕین، چی دەڵێن؟"

هەموومان وەردەســـــورِێین و بەدوای باســــتارددا، بەرەو دەوەنجارِەکە دەگەڕێینەوە. ئینجا خێراتر دەڕۆین. پاشــــــان پێی لێ هەڵدەگرین. پاشـــــان ڕادەکەین و پێدەکەنین و پێدەکەنین و پێدەکەنین.